ژمارە/ ١٣١٢/١٤
ڕێکەوت: / / ٢٠١٥

No:
Date: 23/4/2015

حكومة إقليم كوردستان
وزارة العدل
الصادرە
٢٧١٥ ... كوردی

هەرێمی کوردستانی عیراق
ئەنجومەنی دادوەری
ژمارە: ......
بەروار: ٢٠١٥/٤/٢٦
هاتوو

## بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری
## ب/خوێندن لە پەیمانگەی دادوەری

پەیمانگەی دادوەری لە هەرێمی کوردستان بە نوسراویان ژمارە (١٠٧) لە ٢٠١٥/٤/١٩، ڕاگەیاندنی خوێندن لە پەیمانگە بۆ ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦) تایبەت بە ئامادەکردنی ئەندامی داواکاری گشتی، ڕاگەیاندووە. بۆ ئەوەی فەرمانبەرانتان لە نزیکەوە ئاگاداری ڕاگەیاندراوەکە بن، داواکارین لەلایەن خۆتانەوە گشتاندن بۆ ڕاگەیاندراوەکە بکەن بەسەر سەرجەم دادگا و دەزگاکانی ئەنجومەنەکەتان.

لەگەڵ ڕێزدا...

**هاوپێچ**

- وێنەیەک لە ڕاگەیاندراوەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

کاروباری فەرمانبەران

سنان چلبی
وەزیری داد
٢٠١٥/٤/٢٢

وێنەیەک بۆ/
- بەڕێوەبەرایەتی نوسینگەی وەزیر، بۆ ئاگاداری ... لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەی دادوەری، نوسراوتان بە ژمارە (١٠٧) لە ٢٠١٥/٤/١٩ بۆ ئاگادارییان...لەگەڵ ڕێزدا

# ڕاگەیاندن

ئەنجومەنی پەیمانگەی دادوەری لە هەرێمی کوردستان پێشکەشکردنی داواکاری بۆ وەرگیران لەخولی سێ یەمی ساڵی خوێندنی (٢٠١٥–٢٠١٦) ڕادەگەیەنێت بۆ خوێندن لە پەیمانگە بەمەبەستی ئامادەکردنیان وەك ئەندامی داواکاری گشتی. لە نێوان ماوەی دیاریکراودا لە (٢٠١٥/٤/٢٦ تا ٢٠١٥/٥/٢٥) بۆ ئەوانەی ئەم مەرجانەی خوارەویان تێدایە:–

١–دەبێت خاوەن جنسیەی عێراقی بێت و خاوەن شایانی تەواوەتی بێت.

٢–دەبێ لە زانکۆیەکی عێراقی یان لە زانکۆیەکی بڕواپێکراوەوە بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە یاسا بەدەست هێنابێت، بەمەرجێك خوێندن تیایدا ڕێك و پێك بێت.

٣–دەبێت هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بە خوێندن و نووسین بە باشی بزانێت.

٤–دەبێ بۆ ماوەی (٨) ساڵ بە کردار لە دەزگاکانی وەزارەتی داد،یان ئەنجوومەنی دادوەری ،یان دادگاکانی پەیوەست بەوان کاری کردبێ، یان بەلایەنی کەم (٨) ساڵ پارێزەرایەتی کردبێت یان لە کارێکی یاسایی لە فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیە یاساییەکانی وەزارەت و دەزگا حکومیەکاندا کاری کردبێت بە مەرجێ هەرساڵەی بەلایەنی کەم (٥) داوای بینیبێت .

٥–تەمەنی لە (٤٠) ساڵ زیاتر نەبێ.

٦–پێویستە ڕەوشت و ناوبانگی باش بێت و بە جینایەتی دەست ئەنقەستی ناسیاسی یان بە جونحەی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ و لەوەپێش لە پەیمانگە دەرنەکرابێ تەنیا ئەگەر بەنەخۆشی ناچاری و سەلمێنراو بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەرمی یان بەهۆی ناچاری .

٧–دەبێ لە هەموو ئەو نەخۆشی و کەم ئەندامییانە سەلامەت بێ کە ڕێگا لە ئیشەکەی دەگرن.

٨–نابێت ئەندامی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی بێت ،ئەگەر حزبی بوو دەبێ پەیوەندی خۆی بە حزب بپچڕێنێت کاتی پێشکەش پەیمانگە دەکات.

**بەڵگەنامە پێویستەکان:–**

١– ناسنامەی باری کەسی

٢–ڕەگەزنامەی عیراقی

٣–وێنەی نوێ (٦) دانە

٤– خشتەیەك بە ژمارەی ئەو داوایانەی کە پێشکەشکار دادبینی تیایدا کردووە یان نوێنەر بووە تیایدا بەمەرجێ کەمتر نەبێ لە (٥) داوا بۆ هەر ساڵێك و پەسندکرابێت لە دادگای تایبەتمەندەوە لەگەڵ کۆپیەکی پەسندکراو لەوبڕیارانە ئەگەر پارێزەر یان فارمانبەری یاسایی بوو لە دام و دەزگاکانی حکومەت.

٥–بڕوانامەی دەرچوونی پێشکەشکار کە تیایدا نمرەی ساڵەکانی خوێندنی لەزانکۆی دەردەخات.

**تێبینی:–**

١–هەر داواکاریەك ئەم بەڵگەنامانەی لەگەڵ هاوپێچ نەکرابێت پشت گوێ دەخرێت.

٢–شوێنی پێشکەشکردنی داواکاری بارەگای پەیمانگەی دادوەری لە هەولێر/ لە گەڕەکی بەختیاری /لەسەر جووت سایدی بەختیاری .

No:
Date: / /٢٠١٥

ژمارە/
ڕێکەوت: / / ٢٠١٥

# إعـــلان

يعلن مجلس المعهد القضائي فى إقليم كوردستان – العراق في أربيل عن موعد تقديم طلبات القبول في المعهد القضائي للدورة (٣) للسنة الدراسية (٢٠١٥–٢٠١٦) لأعداد أعضاء الأدعاء العام للفترة من (٢٠١٥/٤/٢٦ لغاية ٢٠١٥/٥/٢٥ )، ممن تتوفر فيهم الشروط التالية:–

١–ان يكون عراقي الجنسية و متمتعا بالأهلية الكاملة.

٢–أن يكون حاصلاً على شهادة البكالوريوس في القانون من إحدى الجامعات العراقية أو الجامعات المعترف بها على أن تكون الدراسة فيها منتظمة.

٣–أن يجيد اللغتين الكوردية و العربية قراءةً و كتابةً.

٤–أن تكون له ممارسة فعلية لمدة(٨) ثمان سنوات في مجلس القضاء و المحاكم التابعة له أو أجهزة وزارة العدل.أو ممارسة فعلية للمدة المذكورة بمهنة المحاماة أو الموظفين الحقوقين العاملين في قسم الحقوق في الدوائر و المؤسسات الرسمية الذين ترافعوا أو مثلوا أمام المحاكم بما لا يقل عن خمسة دعاوي في السنة.

٥–أن لايزيد عمره عن (٤٠) سنة.

٦–أن يتمتع بسمعة وسيرة حسنة و غير محكوم عليه بجناية عمدية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يسبق فصله من المعهد مالم يكن بسبب مرض مانع ثابت بتقرير من لجنة طبية رسمية أو لأسباب قاهرة.

٧–أن يكون سالما من الأمراض و العاهات البدنية التي تعيق أداء واجبه.

٨–ان لايكون منتمياً لأى حزب أو جهة سياسية وعليه إنهاء إرتباطه السياسي عند تقديمه الى المعهد إن كان منتمياً.

المستمسكات المطلوبة:–

١– هوية الأحوال المدنية

٢–شهادة الجنسية العراقية

٣–صورة شخصية حديثة عدد(٦)

٤–جدول بعدد الدعاوي التي ترافع او مثل فيها المتقدم على أن لاتقل عن (٥) دعاوي مصدقة من المحكمة المختصة مع نسخ مصدقة من قرارات الحكم إذا كان محامياً أو موظفاً حقوقياً في الدوائر و المؤسسات الحكومية.

٥–وثيقة التخرج للمتقدمين مبيناً فيها درجات سنوات الدراسة في الكلية.

ملاحظة:

١–يهمل أي طلب لا تتوفر فيه المستمسكات المطلوبة.

٢–مكان التقديم مقر المعهد القضائي في أربيل / محلة بختيارى.